# ژنێك لەباران



هاوار طيب

ژنێك هەموو شەوێ بەبەرچاوی مانگەوە
دەسماڵێ لەئەستێرە دەچنێتەوە
زریانی هەموو سپێدەیەكی پۆلێ پەپوولەی پاییزی بەڕێ دەكات
ژنێك فەرمان ڕەوای
خەمێكی هەتا هەتاییە، و
بەگەردەلوولی خەونێكی بڕۆنزییەوە
بووەتە ڕێبواری شیعری زەمەن و
قوبەی نهینی عەشق و جوانی ڕژاندوەتە پێلووی دەریاوە

نە ئەم ئەخەوێ و.....
نەئاسمان چاو لێک دەنێ
لەبەر پێی خاكا سەر هەڵ ئەبڕێ، و
لەپێناوی ژیانەوەی هەر گوڵێكدا
ئازایانە دەمرێ
هەرزەكارانە دەست بەرداری
جوڵەی ئۆقیانووسی ئاواتی دەبێ
ژنێ قەتارەی ژیانی
سارای خەونێكی تێپەڕێوی سەر شەقامێكی پڕ لەگلەیی كۆ دەكاتەوە
ئەفسانەی جەنگی مۆمێک لەتاریكی شەودا بۆ ئەبەدی دەنوسێتەوە
نمە نمی بارانی بێدەنگی
لەسەفەری زكری عەشقدا
سۆفییەكی ڕیش سپی و قەسیدەیەكی ئاوی ئاوێیە
و
بووەستەیەك لەشەماڵی وشە دەكات بەشیعر و
دیوانێك بەمرواری دەڕازێنێتەوە